بیهاوێژن ئەی نەوەی ئیسماعیل، چونکە باوکتان تیر هاوێژ بووە

لە سەلەمەی کوڕی ئەکوەعەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بە لای کۆمەڵێکدا تێپەڕی کە خەریکی تیر هاویشتن بوون، ئەویش -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «بیهاوێژن ئەی نەوەی ئیسماعیل، چونکە باوکتان تیر هاوێژ بووە».

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بە لای هەندێک لە هاوەڵاندا تێپەڕ بوو کە خەریکی تیر وەشاندن بوون، کێبڕکێیان دەکرد بۆ ئەوەی بزانن کێ دەیباتەوە، ڕازی بوو لەسەر ئەم کارەیان وهانیانی دا بۆ ئەنجامدانی، پێیانی فەرموو: (بیهاوێژن ئەی نەوەی ئیسماعیل): واتە بەردەوام بن لەسەر ڕاهێنان کردن لەسەر تیر هاویشتن، چونکە ئەمە لە نیعمەتەکانی خوای گەورە بە سەرتانەوە ئەی نەوەی ئیسماعیل -ومەبەستی عەرەبە-. (چونکە باوکتان تیر هاوێژ بووە): واتا باوکتان ئیبراهیمی کوڕی ئیسماعیل -علیهما السلام- زۆر بەهرەدار وزیرەک بوو لە تیر هاویشتن.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3559